# ئەزبەنی ... حەمە قارەمان

لە بەهاری ئەمسالەوە
نێرەکەرێك
زەرەزەری پەیدابووە
ئە لێ ئەزم شێری مەیدان
هەتا دوێنێ سوارم دەبوون
ئەمرۆ منم
سوارتان دەبم
لە گەرمیانەوە تا کوێستان
ئەز سەرکردەم
ئەز سەرۆکم
ئەز جەندرمەم..
ئەزیش جەردەم
هەرچی جاشە و
هەرچی دز و تالان..کەرە
لە لەوەرگام دەلەوەرێ
کەس بۆی نیە رەخنەبگرێ
کەس بۆی نیە
زەرەزەر وقەستەقولم
بەمۆسیقا وگولاو نەگرێ
لەپەرچەمی
ئەز دوکتۆرم..ئەز نووسەرم
ئەز نەمر و موقەدەسم
ئەز سەروەرم
تا کەرێکی بنەمالەم
لەم لەوەرە کاوێژ بکا
ئەخۆین..ئەبەین
ئەتان کوژین..ئەتان برین
ئێوە هەژار و ئەز خەنی
شەهنشاتانە ئەزبەنی

2006/1/28